سەماحەتی حەکیم لەگەڵ باڵیۆزی ئوسترالیا باس لە پێوەندی دوو قۆڵی دەکات وجەخت لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆی دەکات

لەڕۆژی 11-9-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرکیرەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە خانمی بەڕێز پاولا ئەلیزابیس کانلی باڵیۆزی تازەی ئوسترالیا لە عێراق کرد، هەردوو لایەن بیروڕایان سەبارەت بەدۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە و پێوەندی دوو قۆلی عێراق و ئوسترالیا ئاوگەڕ کرد.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە دەبێت پێوەندی دوو قۆلی نێوان هەردوو وڵات پتەوتر بکرێت و سوود لە ئەزموونی ئوسترالیا لە بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاودێری و سوود وەرگرتن لە سامانی ئاوی وەربگیرێت.

هەروەها ڕوونی کردەوە کە سروشتی دۆخی سیاسی وایکرد کە بودجەی سێ ساڵ بەرقەرار ببێت و لەڕێگەی حکومەت چانسی باشی هەیە بە ئەوەی بتوانێت خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات و متمانەی هاوڵاتیان بە سیستەمی سیاسی بگەڕێنێتەوە.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە پێویستە دادپەروەرانە لەگەڵ توێژەکانی کۆمەڵگا مامەڵە بکرێت وەك توێژی خاوەن پێداویستی تایبەت، داواشی کرد یاسای تازە هەموار بکرێت و ژێرخانی پێویستی بە دابین بکرێت، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێت هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان لە کاتی خۆی ئەنجام بدرێت لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان وەکو قۆڵی گرنگی حکومەتن لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری دوای ئەوەی وەزارەتەکان ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن.